# بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا

نووسینی: تاهیر عەلیار

---

## هۆی نێوان ناخۆشی من و حەمەڕەشید خان (بەشی 1-2)

حەمەڕەشید خان کابرایەکی ناسراو بوو لەئێران دا و خاوەن عەشیرەت بوو. جا لەسەر هەر چی هۆیەک بووبێت چەند جارێک بەگژ حکوومەتی ئێران دا چووە. کۆماری مهاباد بەچاکی زانی سوود لەهێز و ناوی وەربگرن بەتایبە تی کەلەنێو عەشیرەتەکوردەکانی ئێراندا بەناو و دەنگ بوو . وەک لەدواییدا دەرکەوت کەدەسەڵات دارانی کۆماری مهاباد زۆر متمانەیان بەحەمەڕەشیدخان نەبوو، چونکەشارەزای رەوشتی بوون و ئاگایان لەروژا نی رابردووی هەبوو کەچ مروفیکەو لە وەش باش گەیشتبوون کەهەستی نیشتمان پەروەریەتیش نەبووەپاڵی بەحەمەڕەشیدخانەوە نابیتت لەکۆماری مهاباد نێزدیکی بکا تەوە، لەبەر ئەوە زێتر مە بەستی کۆماریش تاقیکردنەوەی نێو براو بووە.

کۆماری مهاباد هە ر سێ بە تالیونی بارزانیەکانی خستەژێر فەرماندەی حە مەڕەشیدخانەوە، بەڵام لەراستیدا ئەو شیا وی ئەوەنە بوو کەهێزێکی سەربازیی رێک و پێکی بەو چەشنەی بخرێتەبەردەست و سەرپەرشتی بکات و بەگژ حکومە تی ئێران دا بچێت ، ئەوەلەکاتێک دا کەئەو کابرایەفەرماندەی جەبهەی سەقز بوو زیاتر خەریکی پارە و پوڵ پەیدا کردن بوو . بیانوی بەدانیشتوانی نێوچەکەدەگرت وتاوانباری دەکردن تا زەوی و زار و داراییان داگیربکات . هەر بەو چەشنەش حەمەداغای عەباسی کەچەند مانگێک مەسرەفی خواردن و خواردنەوەی و چە کدارەکانی دەکرد دەری پەڕاند بۆ سەقز و بەنرخی یەک ملیون تمەن تووتن و دەغڵ و دانەوێڵەی نێو براوی بۆخۆی فرۆشت و هیچیشی نەدابووەکۆماری مهاباد . جگەلەوە/40 کەسی لەو گوندانەخڕکردەوەو تووتنی پێ دە چاندن . تەنانەت هێزی بارزانیەکان کەلەژێر فەرماندەیی ئەودابوون وەزعیان پەرێشان بوو . هیچیان نەبوو. مە سرووفاتیان نەدەکرا . لەمەش بترازێ حەمەداغا هێند ێک گەنم و جۆ و کرێی ئاشی لەگوندی سەرچاوەما بوو ، حە مەڕەشیدخان و هەڵسوکە وتی پیاوەکانی وایان لێکردم کەفەرمان بەخەڵکی گوندەکە بدەم زێتر کەس نە چێتەبێگاری حەمەڕەشیدخان و گەر داوای بەردێکیش بکات کەس نەیداتێ . لیستەیەکیشمان بۆ ئەو دەغڵ و دانەوێڵە یەی حە مە داغا دروست کرد کەلەوێ مابۆوەو سەرەتا دەستەبەری (تامینی)خێزانەکەی حەمەداغامان لەدانەوێڵەکرد و ئەویشی مایەوەپاش ئاگادارکردنی مهاباد بەسەر هەر سێ بەتالیونی بارزانیەکاندا، دابەشمان کرد بەم جۆرەتا ماوەیەک پێویستیمان بەهیچ ئازووقەیەک نەما کەلەمهابادەوەبۆ هێزەکانمان بێت.

هەر لەو دەمەدا مەلا مستەفا بۆ دیدەنی هاتبوەلامان و بەرگی ژەنەڕاڵیشی لەگەڵ خۆی هێنابوو بەڵام لەبەری نەدە کرد ، هەوڵمان لەگەڵی دا کەلەبەری بکات و ئەویش دڵی نەشکاندین و گەلێک خۆشحاڵ بووین کەبەو بەرگەوە دیتمان و پیرۆز باییەکی زۆرمان لێکرد. رۆژی دواتر مەلامستەفا بەرەو بۆکان گەڕایەوە.

پاش ئەوەی کەنەمهێشت حەمەڕەشیدخان دەست بەدەغڵ و دانی گوندی سەرچاوەدا بگرێ گەلێک پەست و دڵگیر بوو لێم و هاتووچۆی نێوانمان بڕا و کەوتەپیلان گێڕان دژ بەمن . کاتێک کەبنکەکەی خۆم گواستەوەبۆ گوندی قاراوا ئاگاداریان کردم کەحەمەڕەشیدخان خەریکی هەڵخەڵەتاندنی چەندکەسیک بووەولەگەڵ هەر کەسەش وا رێک کەوتبوو کەتفەنگی بڕنەو و 5دەمانچەو پە نجا هەزار تمەنیان بداتێ بۆ کوشتنی من بەڵام خۆشبەختانەئەو کارەی بۆئەنجام نەدرا چونکەهێزەکەی من بارزانی بوون و پاسەوانەکانیشم هەر لەوان بوو . لەبەر ئەوەبارزانیەکان ئەو تاوان و خۆفرۆشیەناکەن ، ئەو کەسانەش کەبارزانی نەبوون نەیان دەتوانی لەئێمەنزیک ببنەوەو زەرەرمان پێ بە رن ، لەبەرئەوەخان بەو ئاواتەنەگەیشت.

### شەڕی مامەشەی یەکەم

رۆژێک لەنەکاو دوژمن هێرشی بردەسەر گردی مامەشە. لەوێ چەند سەربازێکی بەتالیونی 2ی موستەفا خۆشناوی لێبوو . ئازایانەو جەربەزانەتوانیان پشت لەو هێزەبگرن و دوای شەڕێکی شێرانەدوژمنیان شکاند کەچەند لاشەیەکی

کوژراویان لێ بەجێ ما و چەند کەسێکیشیان لێ بەدیل گیرا فەرماندەی هێزەکەشیان کەسەروان خوسرەوی بوو کوژراو ئیدی دوژمن بەسەر شۆڕی بەرەو سەقز گەڕایەوە.

دوای ئەوەبەرۆژێک چوومەخزمەت پێشەوا لەمهاباد . سەرهەنگ فیروزی کەسەرکردەی لەشکری چوار بوو (ئەوەبەلە شکری کوردستان نێو دەبرا) و فەرماندەی ئەو لەشکرەش کەهومایونی بوو هاتنەمهاباد. بۆ داواکردنەوەی دیلەکانیان. ئە و دەمەوتووێژ لەنێوان حکوومەتی تاران و کۆماری میللی دا دەستی پێکردبووسەبارەت بەرێک کەوتنێکی ئاشتیخوازانە لەنێوانیان دا . هەر لەو هەفتەیەدا محەمەدی نانەوازادەبۆ هەمان وتووێژ چوو بوەسەقز ، ئاگاداریان کردین کەلەفڕۆکەکە وتوتەخوارێ و شەهید بووە. بەڵام وارێک کەوت کەمن ئەو رۆژەلەسەردانی سەربازەکانم بووم لەقاراوا و ئاڵتوون. دیتم کەفڕۆکەیەک لەسەقز بەرەو رێگەی سەقز، بانەهەستا و هێشتا ئاوا نەببوو کەدیتم لەفڕۆکەخانەی سەقز نیشتەوە. جا هە واڵەکەیان وادایێ کەئەو فڕۆکەیەی ئەوی تێدا بوەسووتاوەو کەوتۆتەخوارێ ، بەڵام لەراستیدا ئەوەپیلانی حکوومەتی ئێران بوو، خۆ ئەگەر نا جگەلەو فڕۆکەیەی کەئێمەدیتمان هیچفڕۆکەیەکی دیکەلەئاسمان دا نەبوو یا خود لەسەقز بەرز نەبۆتەوە. ناچار دوای ئەو هەواڵەبرووسکەیەکم بۆ حەزرەتی پێشەوا نارد کەلەرۆژنامەی کوردستانیش دا بڵاو کرایەوە. لەسەرەخۆشی کردنەکەدا گوما نی خۆم بەرامبەر بەو کارەدڵتەزینەپێشان داوە، ئەوەشم خستەوەخزمەت پێشەوا کەنانە وازادەدوژمن شەهیدی کردوەو کەوتنەخوارەوەی لەفڕۆکەدا بەراست نازانم ، داواشم لێکردبوو کەریگەم بدات تۆڵەی بستینمەوە.

پاش تیپەڕبوونی ئەو شەڕەی سەر مامەشەبەرۆژ مەلا مستەفا لەسەرچاوەپەیدا بوو . کاک عێزەت و کاک جەلال ئەمینی لەگەل دابوون . مەلا مستەفا فەرمووی ئامادەین بچن بۆ گوندی تەمۆتە(دەکەوێتەسەر ریی بانە، سەقز) کەحەمەڕە شیدخان ئێستەلەوێ یە. ماوەی سێ مانگ دەبێت کەهیزێکی گەورەی شکاک و حەمەرشیدخان دەورەی بنکەیەکی دوژمنیان داوە(ئەو بنکەیەبەسەر دێی کۆنەتەمۆتەوەدەنوارێ) و تا ئێستەنەیانتوانیوەئەو پۆڕگەیەلەوێ خاوێن بکەنەوە. جاوا فەرمانی حەزرەتی پێشەوام لەگەڵ خۆدا هیناوەکەبەتالیونێکی بارزانی لەبری ئەوان بەو کارەهەستیت منیش ئیوەم بۆ بەجێ هینانی ئەوکارەهەلبژاردوە.

سەرەتاش پێویستەئەو نێوچەیەبپشکنین هەروەها بەلای بەتالیونی 1و2ش دادەڕۆین چاوێک بەوەزعی ئەوانیش دا دە خشێنین گەر کەم و کووڕییەکیان سەبارەت بەدامەزران و خۆ ئامادەکردن هەبێت ئەوا یارمەتیان دەدەین.

لەسەرچاوەرۆیشتین بۆ ئاڵتوونی خواروو لەوێشەوەبەرێگەی گردی مامەشەدا سەرکەوتین . لەناو دۆڵێک دا کەلەسەرەوە بەرەوخوار بۆ لای ئاڵتوونی خواروو دەکشا تووشی کاک وەهاب حەمەد عەلی ئاغای و پەلەکەی هاتین. لەنێوان ئەوان و ئەو پەلەی کەبەسەر گردی مامەشەوەبوو بۆشایی و داپچرانێکی زۆر هەبوو ، بەدرێژایی دۆڵەکەش هیچ جێگەیەکی دیکە شیان لێ دیار نەبوو. رەشاشێکی فیکەرسیان بەرامبەر رێگەی ئاڵتوون‌دانابوو ، ئێمەش جێگەی فیکەرسەکەمان لا پەسند نەبوو لەبەر ئەوەگواستمانەوەبۆ بەرزاییەک کەبەپشتی ئەو جێگەوەبوو و لەگەڵ سەرتەپی مامەشەش یەکدییان لێ دیار بوو ، پاشان چووینەسەرتەپی مامەشەکەئەمە ش گردێکی رووتەڵەی بەرداوی بوو . لێرەوەشاری سەقز، گوندی ئاڵتوونی خواروو دەورو بەرەکەی لێ دیار بوو . لەخواریشەوەبەرووکاری سەقز تا سەرەوە، ئەو بەر هەرنجەهەمووی لەبەرچاو بوو ، بۆ دامەزراندنی بنکەی خۆپاراستن گەلێک رێک و پێک بوو بەمەرجێک سەنگەری قایم و باشی لێ ساز بکرایە. تەماشامان کرد کەبارزانی بەرووکاری لووتکەی گردەکەهەندێک بەردیان لە،3جێگەی نزیک بەیەکدی کردوتەلادیوار و کەمێکیش خۆڵیان بەسەر دا کردوە. بەئاشکرا دیابوو کەببوەنیشانەی زۆرباشی تۆپ لەسەقزەوە. لەسەر ئەوەپێمان وتن کەئێوەشەڕ لەگەڵ دوژمنێک دا دەکەن کەخاوەنی فڕۆکەو تۆپە. دەبێ سەنگەر لەزەوی هەڵبکەنن و قووڵی بکەن تا گولەی تۆپ نەتان گرێتەوەو سەریان لێ بشێوێنن و بەپووش و پەلاش داییپۆشن و هەروەها لەشانی گردە کەش دەبێ سەنگەرتان هەبێ وجگەلەبۆشاییەک کەدەبێ لوولەی تفەنگی لێ بچێتەدەرەوەو بەرچاوی خۆتانی تێدا ببینن نابێ چیتر بەدەرەوەبێ لەوەش بترازێ بۆشاییەکی زۆر لەنیوان ئێوەو کاک میرحاج داهەیەوئیوەش ژمارەی سەربازە کانتان کەمەو دەبێ بەچەند کەسێک ئەو بۆشاییەی نیوانتان پڕ کرێتەوەخۆ ئەگەرنا دوژمن دەتوانێ لەوێوەئابلۆوقەتان بدات و ئێوەش بەفریای یەکدی ناکەون جگەلەوەدەبێ لەپشت گردەکەش سەربازی ئیحتیات دابنرێت و بەهیچ جۆریک چۆڵ نەکرێت.

ئەوانمان جێ هێشت و چووینەلای کاک میرحاج لەسەر چەقی رێگەی سەقز، بانە. لەو دەشتەبۆشاییەدا 2،3 سەنگەری لێدابوو . ئاگاداری ئەوانیشمان کرد کەمەترێک لەرێگا کەدوورکەونەوەو چەند تەپۆلکەیەک کەلەپشتیانەوەبوو سوودی لێ وەرگرن و سەنگەری لێ هەڵبکەنن.

لەویوەبەرەو تەمۆتەرۆیشتین . لەرێگەتووشی ئەمەرخانی شکاک هاتین کەسواری لەگەڵدا بوو، حەمەرەشیدخان لەتەمۆتە دەری کردبوو، هەر کەئێمەی بینی لەگەڵمان گەڕایەوە. رۆژ درەنگی بەسەرداهات و گەیشتینەتەمۆتەحەمەرەشیدخان لە ناو گوندبوو. دووکیلومەترێک دوور لەتەمۆتەوەلەبەرزایی چەند گردێک دوژمنی لێ بوو دۆڵێک لەبنکەکەوەبەرەوخوار بەلای (تەمۆتەکۆن) دا کەکەلاوەی تەمۆتەبوو بەرەو جێگا ی تەمۆتەی نوێ دادەکشا.

کەلاوەکان نیزیکی 500 مەترێک لەبنکەکەوەدوور بوون . لەدوولای بنکەسەربازیەکەوەقولە(بورج) ی لێ دروست کردبوو لەهەردوولای قولەکەکانیاوێک بەسەرووی تەمۆتەبوو  ئەو بنکەیەش تەنێ هەر ئەو ئاوەی هەبوو کەپێویستی خۆیانی لەخواردنەوەو چێشت لێنان پێ جێ بەجێ بکەن .لەراستیدا جێگای بنکەکەگەلێک ستراتێژی بوون  بەهەر چوار لای خۆی دا زاڵ بوو مەودای دیتنی هەبوو گوندی تەمۆتەلەژێر لوولەی چەکی ئەو بنکەیەدابوو تفەنگی بڕنەویش لە وێوەدەگەیشتەنێو گوندی تەمۆتەکەچی حەمەڕەشیدخان لەوێ دانیشتبوو ، دیاربوو گەلێک لەدوژمن دڵنیا بوو.

لەگەڵ مەلامستەفا و حەمەڕەشیدخان دا لەیەکێک لەژوورەکانی نهۆمی سەرەوەی جێگەی دانیشتنی خان دانیشتبووین پە نجەرەیەکی گەورەی بیناکەوتبوەبەرامبەر قولەکانی دوژمن ترووسکەی دەداوە. بەر لەوەی کەمەلامستەفا فەرمانەکەی حەزرەتی پێشەوا بەحەمەڕەشیدخان راگەیەنی پێم وت کەدانیشتن لەم جێگەیەو لەم خانوەگەلێک ترسناکەو مەودای نێوان ئێرەو قولەکەزۆرکەمەو گولەی دوژمن دیگرێتەوە. حەمەڕەشیدخان ئەمەی منی زۆر پێ ناخۆش بوو لەوڵام دا وتی : هە رگیز گولەی دوژمن ناگاتەئێرەو ئێمەزۆر لەبنکەیانەوەدوورین و لەبەرچاوی تۆ وا نزیک دیارەخۆ ئەگەر نا چەند کاتە لێرەین و دوژمنیش هیچی پێ نەکراوە. پێم کوت بێگومان راستەکەدوژمن نەیویستوەگولەبارانتان بکات . مەلامستەفا نە یویست پتر لەوبارەبدوێین ، فەرمووی با بزانین و فەرمانەکەی پێشەوای دایەدەست حەمەڕەشیدخان .

فەرمانەکەی پێشەوا سەرەتا بەگلەیی لەحەمەڕەشیدخان دەستی پێکردبوو پاشان فەرموو بووی کەهێزی شکاکی جگەلە بارزانی لەگەڵتا ن دایەو ئەوەبۆ چەند مانگیک دەچێ نەتانتوانیوەزیانێک بەبنکەی دوژمن بگەیەنن ، بەلایەنی کەمەوەدەبا دەورتان بدابایەو هەر لەدوورەوەرێگەتان نەدابایەکەچەک و خواردەمەنی یان بۆ بروات. وەک بیستوومانەمەڕ و ماڵات و ئازووقەیان بەئاسانی بۆچوەو رێی لێ نەگیراوە.

پاش خوێندنەوەی فەرمانەکەمەلا مستەفا فەرمووی : واکاک بە کرم هێناوەکەهێزەکەی بهێنێت بۆلابردنی ئەو پۆرگەیەی دوژمن . حەمەڕەشیدخان کەئەمەی بیست رەنگی زەردهەڵگەڕا و تەماشایەکی منی کرد و وتی : بانەییش لەبارزانیەکان نارەشیدترنین ، هەموو ئازاو چالاکن . خۆشم بۆ ئەو کارەهاتوومەتەئێرەو پەیمان تان دەدەمێ کەئەو بنکەیەی دوژمن بگرم و پێویست ناکا کەبارزانیەکان بەو ئەرکەهەستن . مەلا مستەفا فەرمووی هەموومان سەربازی کوردستانین و هیچ جیاوازیەک لەنێوانمان دا نیە. هەر کەس لەتوانای دابێت کارێک بۆ بەرجەوەندیی کوردستان ئەنجام بدا ئێمەسوپاسی دە کەین. ئێستەش مادام جەنابت دەتەوێ ئەو کارەبەجێ بێنی زۆر پیرۆزەو چیترمان گەرەک نیەبەڵام با هەرسێکمان پلانێک بۆ گرتنی ئەم بنکەیەدابنێین.ئەوجار رووی لەمن کرد و فەرمووی بابزانین بیر ورای تۆ سەبارەت بەو مەسەلە چۆنە؟ لەوڵام دا وتم: هەروەک بەرێزتان دەبینن کەئەوبنکەیەی دوژمن گەلێک زاڵەبەسەر دەور و بەرەکەی خۆیدا . تا مەودایەکی زۆر هەموو دەشتاییەو قولەکانی لەگۆشەکانیدا دروست کراوەکەبەتۆپ نەبێت چارەی ناکرێ و ئێمەش تۆپمان نیە، بۆ ئابڵووقەدانیشی دەبێ لەدوورەوەبێت کەچەکی دوژمن نەمانگاتێ ، جگەلەوە تا چەند هەفتەیەکیش رێگەنەدرێت کە خۆراک و پێویستی یان بۆ بچێت . هێرش بردنەسەر بنکەکەش من پێم وایەکەدەبێت هەر لەیەک لاوەبێت کەئەویش رچکەی کەلاوەکانی تەمۆتەسووتاوە. بەکورتی بیرورای من بەو چەشنەیە

1. لەکەلاوەکانی تەمۆتەسووتاوەوەهەندێک سەرباز دابمەزرێنین هەندێکیش بەدۆلەکەدا هەڵکشێن و بەشەو خۆ لەکانیاوە کەی ئەو نێوچەیەنزیک بکەنەوە.
2. لەهەمان شەودا سەربازەکان خۆیان قایم بکەن خۆ ئەگەر حەشارگەهەبوو خۆیانی تێدا دابمەزرێنن ئەگەرنا بەپەلەچە ند سەنگەرێک هەڵقەنن و هەریەکەی جێگەی یەک دوو سەربازی تێدا ببێتەوە.
3. هەریەک لەسەربازەکان نانی سێ رۆژی خۆی پێ بێ.

4. ئەو سەربازانەو ئەوانی دیکەش کەلەپشتیانەوەن لەتەمۆتەسووتاو بەهیچ جۆریک رێ بەدوژمن نەدەن بگەنەسەر ئاوەکەو سوودی لی وەربگرن.
5. ئەم شەڕەی ئێمەلەگەڵ لەشکری نیزامیی میری دایە، لەوانەیەدوژمن هێرشی سەرئاوەکەبکەن و زیانێکی زۆر بەدە ستەوەبدەن لەپێناوی دا لەبەر ئەوەپێویستەکەسەربازەکانی ئێمەلەو شەڕکەرانەبن کەلەباق و بریقی سەرنێزەی تفە نگی دوژمن نەترسن و گەلێک بەورەو خۆ راگر بن .
6. لەهەر سێ لاوەهێزەکانی ئێمەلەدوورەوەخۆ پێشانی دوژمن بدەن تا دوژمن هەست بکا ت کەلەهەموو لایەکەوە هێرشی دەکرێتەسەر بەم جەشنەسەرنجی دوژمن بۆ هەموو لاکان رادەکێشرێ نەک بەتەنێ بەو لای ئێمەدا (تەمۆتە سووتاو) کەهێرشی راستەقینەی لێ دەکرێت.
7. دەبێت بیریش لەوەبکەینەوەکەرەنگ بێت دوژمن بۆ پاڵپشتی و یارمەتی دانی ئەو بنکەیەهێزێکیان لەبانەیا خود لەسە قزەو بەفریا بخات . لەرێگەی سەقز بەتالیونی 2ی بارزانی لێ یە، بەڵام لەرێگەی بانەکەسی لێ نیەو دەبێ ژومارە یەک سەربازمان بۆ ئەو رێگەیەتەرخان بکرێت.

ئەوەی پێوەندی بەبیرورای منەوەبوو بەو چەشنەخستمەبەردەستیان و داواشم لێ کردن گەر ئەوانیش بیروڕا و پلانێکی دیکەیان هەیەتا بفەرموون پێشکەشی بکەن. لەکۆتایی دا بەباشیان زانی بەگوێرەی ئەو پلانەی من دام نابوو هەڵوێست بنوینن. بڕیار درا حەمەڕەشید خان هێرش بەرێتەسەر ئەو بنکەیەی دوژمن ، مەلا مستەفا فەرمووی ئەمشەو ئێمەلێرەین ، فەرموو جەنابی خان بنێرەبەشوێن چەکدارەکانتا و بچنەئەو جێگەیەی کەبەپێی ئەو پلانەدیاری کراوەبەتایبەتی خۆ نزیک کردنەوەلەو کانیاوەی بنکەی دوژمن گەلیک گرنگەو دەبێت ئەو کارەئەمشەو ئەنجام بدرێت تا دوژمن فریا نەکە وتوەو بیری لەقایم کردنی ئەو رێگەیەنەکردوتەوە، دووریش نیەکەدوژمن لەهاتنی ئێمەبۆ ئێرەئاگادار بکرێ و لەمەبە ستی ئەو هاتنەشمان تێ بگات.

حەمەڕەشیدخان ئێمەی جێ هێشت و چووەناو هێزەکەی ، ئێوارەگەڕایەوەلامان و ئاگاداری کردین کەهەموو شتێکی ساز کردوەو چەکدارەکانیشی ئامادەکردوەکەهەر ئەو شەوەبگەنەلای کانیاوەکە، لەوەشی ئاگادار کردین کەژۆمارەیەک سە ربازیشی ناردوتەزووەرگەکانی باکووری بنکەی دوژمن بۆ سەر رێگەی بانەتەمۆتە.

ئەو شەوەمان تەواو کردو نەکرد لەبەری بەیانیدا تەقەدەستی پێکرد . دوژمن گولەبارانێکی واخەستی کردین کەبەپەلەو شڵەژاویەوەلەگوند چووینەدەرەوە، بەتەواوی لەتەمۆتەدوور کەوتبووینەوەکەچی دیسان دوژمن هەراسانی کردبووین. هە ر ئەو کاتەبەدەنگی بەرز هاوارم کرد : جەنابی خان گولەی دوژمن دەمانگاتێ یان نا؟ وڵامی دامەوەو وتی : ئێستەکاتی ئەوەنیە، دەبینین ئیمەلەچ وەزعێک داین ؟ خان بەشڵەژاویەوەلەئیمەوەن بووەهەر نەشمان زانی بەرەو کوێ چوو. لەگەڵ هەڵاتنی رۆژدا فرۆکەیەکی دوژمن گەیشتەسەرمان و ئاگر بارانی کردین . لەو دەشت و دەرەبڵاو بووینەوە. شەش ولاغی سواریشمان بەرەو رووکاری دوژمن هەڵاتن لەیەک لەوانەهی کاک عێزەت عەزیز بوو.. جانتایەک لەخاولی و شتوومەکی تەراش و کەلوپەلی لەسەر بوو.

دوایی بۆمان دەرکەوت کەجەماعەتی خان ئەو شەوەلەتەمۆتەسووتاو بەولاوەنەڕۆیشتوون بەلکوو هەر تەقەدەستی پێکردوەئیدی بەرەو دوا کشاونەتەوەو7 شەهیدیان داوەلەگەڵ چەند بریندارێک . ئێمەش بەپچڕپچڕی لەنێوچەی شەڕەکە دوور کەوتینەوەو بۆ ئێوارێ گەیشتینەگوندی ئاخکەند. دیار بوو کەئەو گوندەئاگاداری ئەو شکست یەی تەمۆتەبوون . لێرەش جگەلەئاغا و کوێخای گوندەکەکەسی تێدا نەمابوو . هەر چۆنێک بوو ئەوشەوەمان لەوێ بەسەربرد . بۆ بەیانیەکە ی مەلا مستەفا گەڕایەوەبۆکان و لەوێوەبۆ مهاباد ، منیش بۆ بەتالیونەکەی خۆم لەسەرچاوە.

**... درێژەی هەیە**